# سودانی پێشوازی دێکات لە پاتریارک مار لویس ڕافایل ساکە

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران مەحەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە ڕێبەری کلدانییەکان لە عێراق و جیهان پاتریارک مار لویس ڕافایل ساکە و شاندەکەی یاوەری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-لە میانەی دیدارەکەدا بارودۆخی گشتی عێراق و سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵات تاوتوێ کرا، ئەمەش یارمەتی دەری حکومەت بوو بە ئەوەی بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی ئەولەویەتەکانی بەرنامەکەی و جێبەجێکردنی تەواوینی داهاتووی لە عێراقێکی بەهێز و ئاوەدانەدا.

سودانی خۆشحالی خۆی بە گەلانەوەی پاتریارک بە بەغدا و گرنگی بوونی و ڕۆڵەکەی دەربڕی و جەختی لە بەپیرەوەچوونی حکومەت کردەوە بە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و برایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی کەمەڵگای عێراقیدا بە گەیشتن بە ئامانجی هاوڕاتیبوون، کە بریتییە لە کلیلی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و باشترکردنی دۆخی کەمەڵایەتی هەموو عێراقییەکان و لە بەرنامە وەزارییەکەیدا ئەمەی پشتڕاستکردووەتەوە.

هەروەها سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە [illegible]ی مەژوویی پێکهاتەی کرستیان کرد لە عێراق و بەشداری کردنیان لە بنیاتنانی دەوڵەت و بەهێزکردنی کۆمەڵگەکانی و جێختی لێوە کردەوە کە وێات بەهێز و جیاوازە بە پێکهاتەکانییەوە و لە چوارچێوەی عێراقی گەورەدا دەژین و ئاماژەی بەوەش کرد کە بەدواداچوون بە هەموو پرسەکانی پێیوەندیدار بە پێکهاتەی کرستیان و پێکهاتەکانی تری عێراق دەکات.

لە لای خۆیەوە، پاتریارک پیرەزبایی لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد بەبۆنەی جەژنی [illegible]زانی پیرۆزەوە و جێختی لە گرنگی هەوڵی زیاتر کردەوە بە ئەوەی حکومەت بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەرانبەر بە گەلی عێراق جێبەجێ بکات و بارودۆخیان باشتر بکات و تەواوی پێداویستییەکانیان بەدەست بهێنێت، هەروەها بەدواداچوون بە پرسی کەمینەکان و دەستبەرکردنی مافەکانیان بکات.